# ئەوشەڕەی دەبێت روبدات...بەڵام

عومەر کەریم بەرزنجی

نازانم ئەو خەڵکەی کە دەرژێنە سەر شەقامەکان و خوازیاری ئەوەن شەڕ روونەدات دەبێت نیگەرانی چارەنووسی خەڵکی عێراق بن یان بۆ دژایەتی هەژموونی ئەمریکی بڕژێنە سەر شەقامەکان، هەرمەبەستێکیان بێت گرنگ نیە، ئەوەی بەنیسبەت ئێمەوە گرنگە ئەوەیە ئایا هەموو ئەوانەی دەڕژێنە سەر جادەکان لەماهیەتی بەعس و دەسەڵاتەکەی تێگەیشتوون، ئایا ئەوان دەزانن ئەو دەسەڵاتە بەدرێژایی ماوەی حوکمڕانی، جگە لە خولقاندنی رەوشێکی سەرکوتکەرانە و شەڕو کوشتار هیچی دیکەی بۆ گەلانی عێراق نەهێناوە، ئەگەر نازانن دەبێت ئێمە چیدی کەمتەرخەم نەبین و ماهیەتی ئەو دەسەڵاتە بۆ هەموو دنیا دەرخەین، دەبێت پێیان بڵێین مانەوەی ئەو دەسەڵاتە جەنگێکی بەردەوامە دژ بەگەلانی عێراق بەتایبەتی دژبە باشوری کوردستان، ڕوودانی ئەم شەڕە پێویستی‌یەکی هەنووکەیی گرنگە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکان، بێگومان روودانی هەرشەڕێك دەبێتە هۆی ئەوەی خەسارەتێکی گەورە لەوناوچەیە بکەوێت و کۆمەڵە خەڵکێك ببنە قوربانی، بەڵام شەڕێکی یەکلا کەرەوە باشترە لەوەی بەردەوام لە دڵە راوکێی ئەوەداببن شەڕ رووبدات.

ئەوەی پێویست و گرنگە بۆ ئێمە لەئێستادا ئەوەیە کەدەبێت، دەسەڵاتی سیاسی کوردی داوای بەدەنگەوە هاتنێکی جدی لە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بکات، تا رێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەر بۆ پاراستنمان لە هەر هێرشێك کە دەکرێتە سەرمان و بەربە تەداخولی دەرەکیش بگیرێت، بەتایبەتی تەداخولی دەوڵەتی تورك کە لەمێژە خەون بە ویلایەتی موسڵەوە دەبینێت و لەدژایەتی کردنی خەون و هیواکانی گەلی کورددا نکوڵی نەکردووەو ناکات، هەربۆیە ئەرکی سەرشانی هەرکوردێکە ببێتە هێزی گوشار لەپێناو قایل کردنی دەوڵەتانی ئەورووپاو ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بۆ زەمانەتی پاراستنمان، بەتایبەتی ئەرکی سەرشانی ئەو کوردانەی هاندەرانە رێپێوان سازبکەن و لەبەردەم بەلوێزەکانی تورکیادا کۆببنەوەو دژایەتی خۆیان رابگەیەنن بۆ هەر تەداخولێکی تورکیا بۆسەر باشووری کوردستان.

www.kurdistannet.org
24-2-2003 15:23

ئەركی سەرشانی میدیا كوردییەكانە هەوڵی ئەوە بدەن رای گشتی درووست بكەن و چیتر جەماوەر لە پەراوێزی رووداوەكاندا نەمێننەوەو خۆیان دەور بگێڕن لە چارەنووسی خۆیاندا، ئەركی سەرشانی حیزبە كوردستانیەكانە لە پێناوی یەكخستنی گوتاری سیاسی كوردیدا رۆڵی كاریگەر بگێڕن، دەبێت هەمووومان ئەوە بزانین كە ئێمە لە كەشتییەكداین و نوقم بوونی ئەو كەشتییەش نوقم بوون و خنكانی هەموومانە، هەربۆیە بۆ بەرگرتن بەهەر رووداوێك پێویستمان بەیەك دەنگی و یەكریزی هەیە، پێویستمان بە دیبلۆماسیەتێكی كاراو لێهاتوو هەیە، كە بتوانێت لەئاست گەورەیی كێشەو رووداوەكاندا بێت، سوود وەرگرتن لە ئەزموونەكانی رابردوودا پێویستە تا هەڵەكانی ڕابردوو دووبارە نەكرێتەوە، سەركردایەتی سیاسی كورد پێویستە وەك ئەو كەشتیوانە وابێت كە نەك هەر رووی دەریا بەڵكوو پەی بەناخی دەریاكەش دەبات.

ئەوشەڕەی دەبێت روبدات...بەڵام

عومەر كەریم بەرزنجی

نازانم ئەو خەڵكەی كە دەرژێنە سەر شەقامەكان و خوازیاری ئەوەن شەڕ روونەدات دەبێت نیگەرانی چارەنووسی خەڵكی عێراق بن یان بۆ دژایەتی هەژموونی ئەمریكی بڕژێنە سەر شەقامەكان، هەرمەبەستێكیان بێت گرنگ نیە، ئەوەی بەنیسبەت ئێمەوە گرنگە ئەوەیە ئایا هەموو ئەوانەی دەڕژێنە سەر جادەكان لەماهیەتی بەعس و دەسەڵاتەكەی تێگەیشتوون، ئایا ئەوان دەزانن ئەو دەسەڵاتە بەدرێژایی ماوەی حوكمڕانی، جگە لە خولقاندنی رەوشێكی سەركوتكەرانە و شەڕو كوشتار هیچی دیكەی بۆ گەلانی عێراق نەهێناوە، ئەگەر نازانن دەبێت ئێمە چیدی كەمتەرخەم نەبین و ماهیەتی ئەو دەسەڵاتە بۆ هەموو دنیا دەرخەین، دەبێت پێیان بڵێین مانەوەی ئەو دەسەڵاتە جەنگێكی بەردەوامە دژ بەگەلانی عێراق بەتایبەتی دژبە باشوری كوردستان، ڕوودانی ئەم شەڕە پێویستی‌یەكی هەنووكەیی گرنگە بۆ یەكلایی كردنەوەی كێشەكان، بێگومان روودانی هەرشەڕێك دەبێتە هۆی ئەوەی خەسارەتێكی گەورە لەوناوچەیە بكەوێت و كۆمەڵە خەڵكێك ببنە قوربانی، بەڵام شەڕێكی یەكلا كەرەوە باشترە لەوەی بەردەوام لە دڵە راوكێی ئەوەداین شەڕ روو‌بدات.

ئەوەی پێویست و گرنگە بۆ ئێمە لەئێستادا ئەوەیە كەدەبێت، دەسەڵاتی سیاسی كوردی داوای بەدەنگەوە هاتنێكی جدی لە ئەمریكاو هاوپەیمانەكانی بكات، تا

**ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەر بۆ پاراستنمان لە هەر هێرشێك کە دەکرێتە سەرمان و بەربە تەداخولی دەرەکیش بگیرێت، بەتایبەتی تەداخولی دەوڵەتی تورك کە لەمێژە خەون بە ویلایەتی موسڵەوە دەبینێت و لەدژایەتی کردنی خەون و هیواکانی گەلی کورددا نکوڵی نەکردووەو ناکات، هەربۆیە ئەرکی سەرشانی هەرکوردێکە ببێتە هێزی گوشار لەپێناو قایل کردنی دەوڵەتانی ئەورووپاو ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بۆ زەمانەتی پاراستنمان، بەتایبەتی ئەرکی سەرشانی ئەو کوردانەی هاندەرانە ڕێپێوان سازبکەن و لەبەردەم بەلوێزەکانی تورکیادا کۆببنەوەو دژایەتی خۆیان رابگەیەنن بۆ هەر تەداخولێکی تورکیا بۆسەر باشووری کوردستان.**

**ئەرکی سەرشانی میدیا کوردییەکانە هەوڵی ئەوە بدەن رای گشتی درووست بکەن و چیتر جەماوەر لە پەراوێزی ڕووداوەکاندا نەمێننەوەو خۆیان دەور بگێڕن لە چارەنووسی خۆیاندا، ئەرکی سەرشانی حیزبە کوردستانیەکانە لە پێناوی یەکخستنی گوتاری سیاسی کوردیدا رۆڵی کاریگەر بگێڕن، دەبێت هەموومان ئەوە بزانین کە ئێمە لە کەشتییەکداین و نوقم بوونی ئەو کەشتییەش نوقم بوون و خنکانی هەموومانە، هەربۆیە بۆ بەرگرتن بەهەر ڕووداوێك پێویستمان بەیەك دەنگی و یەکریزی هەیە، پێویستمان بە دیبلۆماسیەتێکی کاراو لێهاتوو هەیە، کە بتوانێت لەئاست گەورەیی کێشەو ڕووداوەکاندا بێت، سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی رابردوودا پێویستە تا هەڵەکانی ڕابردوو دووبارە نەکرێتەوە، سەرکردایەتی سیاسی کورد پێویستە وەك ئەو کەشتیوانە وابێت کە نەك هەر ڕووی دەریا بەڵکوو پەی بەناخی دەریاکەش دەبات.**

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بلاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... 2003-1-15